- مرۆڤە خۆشخەیاڵەکان و گەشبین تا ئاستی ساویلکەیی، ناویان لەو کەرنەڤاڵی خوێنبارینەی ئەم ناوچەیە نابوو 'بەهاری عەرەبی'.. مرۆڤێک کە تاوەکو ئێستە فێری هونەری ژیان و خۆشەویستی نەبووە
- کولتووری میللەتی داگیرکەر بۆ ئەوەی وەک هەڵۆ چنگی بخاتە ناو رۆحتەوە و هەر رۆژێک و شتێکت لێ بخوات و ببات تا لە کۆتاییدا قووتت بدات، لەوێوە دەست پێدەکات کە تۆ گومان لە پووچی و سووکیی ناوە کوردییەکەی خۆت بکەیت

## (4)
## نەبوونی خەونی دروستکردنی ئادەمیزادێکی تازە

*هیچ گومانی تێدا نییە و هەر بەڕاستیش مێژووی مرۆڤایەتی، لە قۆناغ و جوگرافیای جیاوازدا، لە رۆژئاوا و رۆژهەڵاتدا: لە کۆنەوە تا هەنووکە نەوەستاوە لە گڕدانی کوورەکانی ئەو دۆزەخانە بۆ یەکدی، چ لەسەر ئاستی تاکەکەس و چ لەسەر ئاستی گرووپ و تاقم و بگرە کۆی میللەتان و کۆمەڵگاکانی سەر زەمین. ئەوەی کە لە ئێستەدا رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کردووە بە کوشتارگەیەکی بەربەرین و گەیشتنی رۆحی باربارِیزم و دڕندەگەرایی بە چڵەپۆپە و چڕبوونەوەی وەحشیەتگەری مێژوویەکی دێرین، لە هەنووکەدا و هەر لێرە، دەمانباتەوە ناو گومانکردن لە مرۆڤ خۆی کە بۆ هەمیشە بە ناوی خودا یان نیشتمان و هەر هەموو ئایدیۆلۆژیا سەرزەمینی و ئاسمانییەکان لە یەکدی قڕکردن نەوەستاون. هەر لە ناو خودی ئەوروپادا چەندەها جەنگی خوێناوی کە ماوەی پتر لە پێنج سەد ساڵی خایاند کە هەر هەمووشی لە ئاکامی ململانێی تایفەگەری و مەزهەبی روویان دا و بە کوشتنی ملیۆنەها کۆتایی هات، تاوەکو دەروونناسەکان و کۆمەڵناسەکان و سیاسەتکار و بیرمەندە مرۆڤدۆستەکان دەرکیان کرد کە دەبێت لە هەقیقەتی ئەو دڕندانەی ناوەوەی خەڵکانی جەنگاوەر رابمێنن، کە بە ناوی پیرۆزی خوداوەندە جیاوازەکانەوە خوێنی یەکدی دەخۆنەوە، هی ئەوەیە پەلبەست بکرێن و بچنەوە ناو پەرستگەکانی خۆیان یان وا جوانترە بوترێت ئەشکەوتەکانی سەدەکانی تاریکی، یان مۆڵدانیان لەناو بیمارستانەکانی رۆژئاوادا، ئەوەی کە لێرە و هەنووکە بە ناوی بەهاری عەرەبی ــ وە دەگوزەرێت سەرەتای هەڵایسانی جەهەننەمێکی عەرەبی ــ یە کە رەنگە جێنەخشی خۆی لەسەر سەدەی بیست و یەک دابنێت.

خودی پەروەردەیەک کە لەناو ماڵەکان و قوتابخانەکان و مزگەوتەکان و حزبەکان و سەربازخانەکان و هەر هەموو بە ناو خانە پەروەردەییەکانی دیکە فەراهەمن: کە بناغە و پایە تۆکمەکانی لەسەر توندوتیژی وەستاون، لەسەر بەپیرۆزکردنی خۆمان و بە پیسبوون و گڵاوکردنی ئەوانی دیکە دامەزراوە، لەسەر سەپاندنی هەموو چەشنە یاسا و رێسایەک بۆ سڕینەوەی بەرامبەر و نەبوونی کەمترین پڕی رۆحی بەخشندەیی و دیالۆگ و دێمۆکراسی کە رەگوریشەی دەگەڕێتەوە بۆ مەحاڵبوونی پەروەردەیەکی لیبڕاڵ و مرۆڤدۆست، لە هەمووشی کوشندەتر نەبوونی خەونی دروستکردنی ئادەمیزادێکی تازەیە کە بتوانێت لەناو ئەو 'جەنگەڵستانە هاوچەرخ'ە خۆی دەرباز بکات و واز لە ئاگر و ئاسن و کەڵبە و چڕنووق بهێنێت وماڵئاوایی لە خوێن و فرمێسک و دووکەڵ و خۆخاپوورکردن بکات. هەر بۆیە مرۆڤە خۆشخەیاڵەکان و گەشبین تا ئاستی ساویلکەیی، ناویان لەو کەرنەڤاڵی خوێنبارینەی ئەم ناوچەیە نابوو 'بەهاری عەرەبی'.. مرۆڤێک کە تاوەکو ئێستە فێری هونەری ژیان و خۆشەویستی نەبووە.

من بەڕاستی دەزانم و هاواری 'رەجەب' پاڵەوانی رۆمانی ' خۆرهەڵاتی ناوەراست'ی ـ عەبدولڕەحمان مونیف ـ بە ڕەوا دەبینم کە لە دوای ڕزاندنەوەی لە زیندان و بەربوونی و گۆڕینی بە بوونەوەرێکی مەیمووئاسا و سەرهەڵگرتنی بەرەو رۆژئاوا، ئەو کاتەی مرۆڤێکی دەست ناکەوێت کۆی زووخاوی دڵی خۆی بۆ هەڵبرێژێت، ناچار کەشتیی 'ئەشیلۆس' دەدوێنێت بەو رستە جەرگبڕە لە دوا لاپەڕەکانی رۆمانەکەیدا خۆی دەدوێنێت: وای لە من.. وای لە رۆژهەڵات.. هەزار خۆزیا رۆژهەڵات مەردوومی تێدا نەبوایە.. هەزار خۆزیا بێجگە لە زەلکاوێکی پڕ لە بۆق و قیرە قیری بۆقەکان هیچی دیکەی تێدا نەبوایە..!
هەر بە ڕاست..مرۆڤـ تاکە بوونەوەرێکی سەرزەمینە کە نازانێت چۆن بژی.. ئەو رازەش هیچ بەڵگەیەکی ناوێت.. تەماشایەکی دەوروبەری خۆت بکە و ..بەس..!
زیندەگیی زۆرینەمان لە رووکەشدا وەکو هەڵبژاردێکی خودویستانە دەردەکەوێت، بەڵام ئەوەیان لە بنج و بنەوانیدا رێک پێچەوانەیە، هەتا ناوەکانی خۆمان دایکە و باوکە و خزم و کەسانی نزیک بە ئێمە هەڵیانبژاردووە، نوکتە بێزەوەرەکە لێرەدایە کە گەورەکان سەر بە چ فیکر و مەزهەبێک بن و خاوەن چ فەرهەنگ و پێشینەیەکی کۆمەڵایەتی بن، ئەوەیان دەبێت بە سەنگی مەحەک کە بەرەو کوێ لێمان دەخورن، نموونەیەکی زیندووم لە لایە کە لەو بیست و دوو ساڵەی رابردوودا دەزگاکانی باری کەسییەتی و دادگەکانی کوردستان بە سەدەها داواکاریی ناو گۆڕینی بە خۆیەوە بینیوە، هەڵبەت خاوەنی چیرۆکەکانی 'ناو گۆڕین' خۆیان لەژێر دوو پۆلدا کۆ دەبنەوە: ئەوانەی سوونەتی و مەزهەبزەدەن ناوە کوردییەکانیان دەکەن بەو ناوە عەرەبییانەی کە لای خۆیان و لەژێر کاریگەریی ژینگەی نەریتخواز، خانەوادە و کۆمەڵگە، پیرۆزترن لەو ناوە کوردییانەی کە دیارە هەنووکە و پاش فامکردنەوە پیرۆز نین و بە کەڵکی قیامەت و حەشر و نەشر نایەن، بە هەمان پێوودانگ ژمارەیەکی دیکە ناوە عەرەبییەکانی خۆیان دەگۆڕن بە ناوە کوردییەکان، کە هیچ گومانی تێدا نیە گۆڕینی ناوەکان نموونە و بەڵگەن کە چ ئاماژەیەک بەوانی دیکە دەدەیت کە دوای گۆڕینی ناوەکان تۆ هەڵگری رۆح و پەیام و زەوق و ناوەڕۆکی ئەو ناوە تازەیەیت کە وەک مرۆڤ لکاوە بە تۆوە و ئەوانی دیکە لە رێگەی ناوەکەتەوە دەرکی خەسڵەتێک یان چەندین خەسڵەتی تازەی تۆ بکەن، هێمایەکیشە بەوەی کە تۆی 'ناوـ گۆڕ' چیدیکە زەلامەکەی دوێنێ نیت، جۆرێکیشە لە قێزکردنەوە یان تووڕەبوون لە ناوە کۆنەکەت، هەمیشە کە ناسنامەکەت بە ناوە تازەکەوە دەبینیت کەیفێکت بە خۆت دێت، کە ئەگەرچی تۆ نەتتوانیوە دونیا بگۆڕیت، بەڵام هەر زۆرە و خۆشە کە دادگە و دونیا بە خۆتەوە سەرقاڵ دەکەیت و کۆی دۆستان و بنەماڵە و تیرە و هۆزەکەت و قوتابخانە ناچارن کە تۆ بە ناوی تازەوە بانگ بکەن.
ئاخۆ بە راست شتێکی گەورە لە تۆ گۆڕاوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بۆ ناوگۆڕەکە هیچ مانای نیە، چونکە ئەو کەسە وەهمێکی گەورەی لەلا دروست بووە بەوانی دیکە بڵێت: من کەسێکی تازەم.. بەس چۆن تازەیەک؟ بۆ.. لە کوێ و بە چ مەبەستێک؟
پرسیاری راستەقینەیە ئەوەیە: ئەرێ بەڕاست..دوای ناو گۆڕینەکەت شتێک لە رۆح و کرۆکی تۆ گۆڕاوە؟ ئاخۆ بووەتە مایەی هاتنە دەرەوەت لە تابووتەکە یان هێشتا بە ناوێکی تازەوە لەوێدا راکشاویت؟
کولتووری میللەتی داگیرکەر بۆ ئەوەی وەک هەڵۆ چنگی بخاتە ناو رۆحتەوە و هەر رۆژێک و شتێکت لێ بخوات و ببات تا لە کۆتاییدا قووتت بدات، لەوێوە دەست پێدەکات کە تۆ گومان لە پووچی و سووکیی ناوە کوردییەکەی خۆت بکەیت، گەرچی

هیچ ئایەت و فەرموودەیەک نییە فەرمانت پێ بکات ناوێکی عەرەبی لە کچەکە و کوڕەکەت بنێیت.
بۆ من مایەی سەرسوڕمانە کە لە نێوان سێ نەوەی دوای بارزانی باوک: سێ ناوی عەرەبی دەدۆزمەوە: مەسعود، مەسروور، ناسیر، بگرە پرسیارم لە لا دروست دەکات بەوەی کە سەردارانی ئەو حیزبە و بنەماڵەیە کە دروشمی سەرەکییان بانگەشەی رۆحی نەتەوەگەری و رابوونی کوردایەتییە.. لەبەرچی هەر مانای ئەو سێ ناوەیان بە کوردی هەڵنەبژاردووە کە جوانترە و ئیقاع و سەروا و کێشی لە ناوە عەرەبییەکان زۆرتر نەبێت..کەمتر نییە!
دیارە قسەم لەسەر ئەوە نییە کە کەسەکان چەندە ئازادن لەوەی چ ناوێک و رەنگێک و جلێک و خۆراکێک هەڵدەبژێرن و هەموومان ناچارین رێزی لێ بگرین، وەلێ بۆ من 'ناو' ئاماژەیە بۆ بوونی فەرهەنگێکی کۆن و پەڕپووت یان تازەگەر و زیندوو. نیاز لە ناوهێنان چوونەوەیە بۆ عەقڵێکی داگیرکراو، چونکە وشە بۆ خۆی ئاماژەیە بۆ نیشانەگەری و مانایەک کە تۆ بە خۆت و بە بەرامبەرەکەتی دەبەخشیت. هەر کەسێک لە ئێمە بایی ئەوەندە هێزی عەقڵی هەبێت و بە دوای مانا و هێما و و ئاماژەکاندا بگەڕێت وەها ئاسان بەسەر هیچ شتێک و دیاردەیەک و رەفتارێک و رووداوێک و ناوێک تێناپەڕێت، کەوتنە خوارەوەی سێوێک بووە مایەی ئەوەی 'نیوتن' یاسای بەکێشکردن بدۆزێتەوە..هەر هۆشمەندێک دەتوانێت لە رێگەی ناوی منداڵەکانتەوە دادگەیی تۆ بکات و رۆح و عەقڵت هەڵبسەنگێنێت... ناوەکانیش هی خۆمان نین..!
داگیرکردنی رۆح لە ناوێکەوە دەست پێدەکات. لە ماوەی ئەو بیست و دوو ساڵەدا بە هەزارەها ناوی کۆنی نیوە دوورگەی عەرەبی لە کوردستان لەسەر دەستی ئیسلامی سیاسی زیندوو بوونەوە، بێ ئەوەی مەردوومی خۆمان یەک پرسیار بکات: لە هەموو عەرەبستاندا کەسێک نادۆزیتەوە هەڵەیەکی وا بکات کە ناوێکی کوردی لە منداڵەکەی بنێت: چ کچ بێت و چ کوڕ.
ئێمە وا مەزەندە دەکەین خاوەنی هەموو ناو و ناوەرۆک و کۆی خەسڵەتە جوان و ناشیرینەکانی خۆمانین، چ لە باری رۆحی و چ لە باری جەستەیی، وەلێ ئەفسووس کە وا نییە، هەموو بوونی ئێمە لەوانی دیکە قەرز کراوە، بگرە چی شانازیی پێوە دەکەین و ئەوەشی قێزی لێ دەکەینەوە بە تەنها دوو سەرچاوەیان هەیە کە هیچیان دەستکردی خۆمان نین..ئەوانیش: یەکەمیان خوێنە و دووەمیان ژینگە. هەرچییەکی وەک ئاکار و رەفتار و رەنگە جیاوازەکانی ئایدیۆلۆژیاکان کە هەمانە لەلایەن کەسانێکەوە بەسەرماندا سەپێندراون کە خۆ بە ڕاست و هۆشمەند و پاک دەزانن، هیچ شکۆمەندی یان کەمبوودییەک لەوەدا نییە تۆ سەر بە کام خانەوادە و بنەماڵە و نەتەوەیت، کەچی بە ملیۆنەها هەن هەست بە شکۆمەندییەکی زاڵ دەکەن و ملیۆنەهاش هەست بە رسواییەکی رۆحپروکێن دەکەن بەدەر لەوەی کە ئەوان خۆیان سەرچاوەکانی شکۆمەندی و ریسواییان هەڵنەبژاردووە.
هەتا ئەو خەونانەشی کە وا مەزەندە دەکەین هی خۆمانە..هەرگیزاو هەرگیز ئێمە خاوەنی ئەو خەونانە نین کە دەیانبینین، خەونەکانیش بە گوێرەی جوگرافیاکان و بوونت لەناو تابووتەکان و قەفەزەکان یان لە دەرەوەیان دەستنیشانی جۆری خەونەکانت دەکەن. دوا جار خەونەکان نەخشەی رۆحی ئێمەن، بەڵام کەسانی دیکە ئەو نەخشانەیان رەسم کردووون، ئێمە بێجگە لە ئاوێنەیەک بۆ پیشاندانی

وێنەکانی دەرەوە کە بە لامان و بە ناوماندا تێدەپەڕن... هیچی دیکە نین، بۆ دەنگەکانیش بێجگە لە ئەشکەوتی پڕ لە دەنگدانەوەی سەدا و دەنگی ئەوانی دیکە.. هیچی دیکە نین، هەموو ئەو رەنگانەی دەیانبینین و ناوەکانیان دەزانین و دڵمان خۆشە بە هەندێکیان و دڵتەنگین بە هەندێکیان: هیچ نین بێجگە لەو رەنگرێژییەی کە ئەوانی دیکە لەناو چاوانی ئێمەدا رشتوویانە، شاعیرێک پێی سەیرە و دەپرسێت کە بۆچی دەبێت بولبول جوانتر بێت لە قەلەڕەش؟

**پەراوێز:**
*لە ئێران و سووریا و تورکیا ــ دا ناوی کوردی بە جۆرەها شێوە بۆ منداڵانی تازە لەدایکبوو قەدەغە دەکرێن، دیارە لە عێراق ــ یش بە ڕادەیەکی کەمتر هەمان گەمە پەیرەو کراوە. خودی ئەو ترسەش لە ناوە کوردییەکان بۆ خۆی ئاماژەیەکی سیاسیی هەیە بەوەی کە هەڵگری ناوێکی کوردی خۆی جیا دەکاتەوە لەوەی سەر بە نەتەوەی سەردەست و زاڵ بێت، هەر وەک ترس لە ناوی 'کوردستان' و ئاڵای کوردستان و زمانی کوردی و جەژنی نەورۆز و سروودی ئەی رەقیب کە بە هەزارەها لەسەر بەرزکردنەوەی ئەو پەرچەم و داوا و مارش و بۆنانە بوونەتە قوربانی. لە دیدی من ناوەکان سەرەتایەکە بۆ رۆحی کڵۆڵی و ملکەچی بۆ نەتەوەی سەردەست و بگرە کۆی کولتوورە قەرزکراوەکەی کە هیچیان هی ئێمە نین.. هەڵگری رۆحێکی رامکراو. ئەو ئەوەی هەنووکە ئیسلامی سیاسی لە کوردستان کردوویەتی بە باو لە دیدگایەکی پەیوەست بە پیرۆزکردنی ژمارەیەک لە ناوی زۆر بە بیانووی خۆشەویستکردنی ناوی عەرەبی لەبری ناوی کوردی هاوتای نەبووە، بە تایبەتی لەسەر ئاستی دەستەبژێر و خوێندەوارانی حزبە ئیسلامییەکان کە هەندێکیان لە نزیکەوە دەناسم مایەی تێرامانە، دیارە لەسەر ئاستی میللی پتر لە برەودایە.